ئەنجومەنی نوێنەران دانیشتنەکەی هەڵگرت

ئەمڕۆ پێنجشەممە، ئەنجومەنی نوێنەران دوای دەنگدان لەسەر دوو یاسا و خوێندنەوەی ژمارەیەك ڕەشنووسی یاسا، دانیشتنەکەی هەڵگرت.

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەران لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بە وەکالەت موحسن مەدەلاوی، فەرمانی پێکهێنانی لیژنەیەکی پەرلەمانی کرد بە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە ڕاستییەکانی ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەکەی شاری هەولێر، و هەروەها ئەنجومەنی نوێنەران دەنگی لەسەر ڕەشنووسی یاسای دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی عێراق دا، هەروەك دەنگی لەسەر ڕەشنووسی یاسای هەمواری نۆیەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە 40ی ساڵی 1988 داوە.

ئاماژەی بەوەشکرد: ئەنجومەن خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ڕەشنووسی یاسای پشووی فەرمی تەواوکرد، هەروەها خوێندنەوەی یەکەمی بۆ یاسای هەمواری دووەمی یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی ژمارە (31)ی ساڵی 2019 کرد.

رونیشیکردەوە: لە میانەی دانیشتنەکەدا ئەنجومەن ڕاپۆرت و گفتوگۆی ڕەشنووسی یاسای گەڕاندنەوەی خانووبەرەی تەواو کرد، کە هەندەك بڕیاری ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕش (هەڵوەشاوە) دەیگرێتەوە.